# ئایپاد ڤێرژنی نوێی هاتە بەرهەم



لەشەوی ٨ی مارسدا کۆمپانیای ئەپڵ بەفەرمی پەردەی لەسەر نوێترین ئایپاد هەڵدایەوە. ناوی ئایپادە نوێیەکە New ipadـە، پێچەوانەی کە پێشبینی دەکرا ناوی ئایپادی ٣ یا ئایپادی HD بێت.

تایبەتمەندییەکانی ئایپادی نوێ هەروەك لەسایتی کۆمپانیای ئەپڵدا بڵاوکراوەتەوە، زۆر جێگای سەرنجن. کارتی گرافیکی ٤ پرۆسیسەری لەسەر شاشەیەکی زۆر ئاست بەرز جیاوازییەکی زۆر دەخاتە نێوان ئەو ئایپادە و ئایپادی٢. چەند تایبەتمەندییەکی بەرجەستەی ئایپادی نوێ ئەمانەن:

شاشەی جۆری Retina: ئەم شاشەیە بێگومان بەرجەستەترین تایبەتمەندی ئایپادی نوێیە وەك ئەوەی کە تەلەڤزیۆنێکی فول HD لەگەڵ خۆت هەڵبگری.

پشتیوانی لەسیستەمی ٤ GLTE: ئایپادە نوێیەکە دەتوانێت بەهۆی تۆڕی زۆر خێرای ٤G LTE تۆڕی ئینتەرنێتی خێرای دەبێت، هەرچەندە ئەو تایبەتمەندییە لەوڵاتی ئێمەدا سوودێکی ئەوتۆی نابێت، چونکە هێڵی ئینتەرنێت زۆر لەخوارێیە، بەڵام بۆ وڵاتانی پێشکەوتوو ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت.

کامێرای ٥ میگاپیکسڵی بەتوانای تۆمارکردن بەکوالیتی فول ئێچ دی: ئەو تایبەتمەندییە نوێیە لەئایپادەکانی پێشوودا نەبوو، بەڵام لەئایپادی نوێدا وادەکات وێنە و فیلمەکان بەکوالیتییەکی زۆر ئاست بەرز ببینرێن.

# چاودێری منداڵەکەت بە تەکنەلۆژیای دیجیتالی بسپێرە

گرفتێکی سەرەکی دایکان ئەوەیە، بەتایبەتی ئەوانەی کە دەچنە دەرەوەی ماڵەوە کە منداڵەکانیان بەتەنیا لەماڵەوە جێ دەهێڵن. دایکێك کاتێك بۆ کڕینی پێداویستییەکانی ژیانی ڕۆژانە دەچێتە دەرەوە یا حەز دەکەن بزانن منداڵەکانیان لەدایەنگە چۆنە؟ تەکنۆلۆژیای دیجیتالی نوێ یارمەتیدەری دایکانە لەو کاتانەدا. ئامێری Babymonitor ئامێرێکی هۆشمەندە کە بەهۆی ئایفۆن یان ئایپاد یا مۆبایلێکی هۆشمەندی دیکە دەتوانی چاودێری منداڵەکەت بکەی. ڕەنگە بڵێیت کە ئەو ئامێرە تەنیا وێبکەمێکە کە وێنەی ژووری منداڵەکە لەڕێگای ئینتەرنێتەوە دەگوازێتەوە، بەڵام لەڕاستیدا هەر ئەوەندە نییە، بگرە ئامێرەکە حاڵەتەکانی منداڵەکە بەوردی لەژێر چاوەدێری دایە، وەك گریان، جوڵە، کەش و هەوا، لەکاتی بوونی گرفتێکدا دایك و باوکی منداڵەکە ئاگادار دەکاتەوە تەنانەت دایکان دەتوانن لەدوورەوە لای لایێ بۆ منداڵەکانیان بکەن.




# لە ڕۆژی ڕووناکیشدا دەکرێ سوود لە پرۆژکتەری H6500 وەربگری



ڤیدیۆ پرۆژکتەر ئامێرێکە بۆ نیشاندانی فیلم و سلایدەکان بەسایزێکی گەورەتر بۆ ئەوەی خەڵکێکی زۆرتر سوودی لێوەرگرن، ئامێری ڤیدیۆ پرۆژکتەر لەگەڵ ئەوەیدا سوودێکی باشی هەیە، بەڵام گرفتێك هەیە لەو ئامێرەدا تەنیا دەبێ لەشوێنی تاریك سوود لەو ئامێرە وەربگیردرێ یان لەشەودا.

کۆمپانیای Acer نوێترین ڤیدیۆ پرۆژکتەری بەرهەم هێناوە کە دەتوانێت فیلمە ڤیدیۆییەکان بەکوالیتی Full HD لەڕۆژی ڕووناکیشدا بەسایزی ٣٠٠ ئینجییەوە ببینی.



# بڵندگۆیەکی بچووک و پورتێبڵی مۆبایل

X-mini سپیکەر واتە بڵندگۆیەکی بچووک و پورتێبڵی تایبەت بەمۆبایلە، کە بۆ زۆربەی مۆبایلـــەکان دەگونجێت، نە تەنیا مۆبایل بگرە بۆ تەبلێت و لاپتۆپ و میدیاپلەیەرەکانیش دەبێت. سپیکەرەکە بەئاسانی لەگیرفاندا جێگای دەبێتەوە.
سپیکەری ناوبراو بەهەر شەحنکردنەوەیەك دەتوانی تا ٦ کاتژمێر سوودی لێوەربگری.
کێشـــی سپیکەرەکە ٥٧,٥ گرامە. دوگمەیەکی هەڵبوون و کوژانەوەی هەیە و لەگەڵ کەلینێکی mini USB . ســـپیکەرەکە لەئاســـت کێش و قەوارەکەی دەنگێکی باشی هەیە.

# ئەریسکۆن و جانتای پارەی ئەلکترۆنی



لەحکومەتـــی ئەلکترۆنیـــدا ئـــەوەی بوونی نامێنێت هەڵگرتنی پارەیە، چونکە هەڵگرتنی پـــارە گرفتی ون بوون و دزینـــی زۆرە و هەم ئەگـــەری تێکچوونـــی پارەکەش هەیە، لەوڵاتانی پێشـــکەوتوودا کە سیستەمی پارە بۆتە کارت لەم دواییـــەدا ئامێری جانتای پارەی ئەلکترۆنی کە لەراستیدا ئامێرێکـــی شـــێوەی مۆبایلە بەرهـــەم هاتـــووە. کۆمپانیای ئەریکسۆن دوو ئامێری جانتای پارەی ئەلکترۆنـــی بەناوەکانی Merchant Wallet, converged wallet بەرهەم هێناوە. نزیکەی ملیارد ونیو لەخەڵکی جیهان لەسیستەمی ئەکانتی جانتای پارەی ئەلکترۆنی سوود وەردەگرن.

# تەبلێتێکی تایبەت بە منداڵان




کۆمپانیای Archos لـــەم دواییانە نوێترین تەبلێتـــی تایبـــەت بەمنداڵان بەرهـــەم هێناوە کـــە بەتەبلێتی جۆری Childpad ناســـراوە. تەبلێتێکە پرۆسیســـەرێکی یەك گیگاهێرتزی هەیە و رامەکەی یەك گیکابایتە. سیستەمی ســـەر تەبلێتێکـــە سیســـتەمی ئەندرۆیـــدە. شاشەکەی تەواو لەمسییە و سایزەکەی تەنیا ٧ ئینجـــە. تەبلێتێکە هەروەك لەناوەکەی را دیارە تایبەتە بەمنداڵان، چەندین پرۆگرامی تایبەت بەمنداڵانی لەگەڵدایە. هەروەها بەکارهێنەرانی تەبلێتێکە دەتوانن بەهۆی تەبلێتەکەوە ســـەیری فرۆشـــگایەك بکەن کـــە زیاتر لـــەدە هەزار پرۆگرامی تایبەت بەمنداڵانی تێدایە. جگە لەو تایبەتمەندییانە پرۆگرامی تایبەت بەکۆنترۆڵی منداڵان لەلایـــەن دایك و باوکیانەوە و هەروەها ئینتەرنێتی تێدایە.

# ئامێرێك بۆ چاودێری و کۆنترۆڵی خەو

لـــەم ســـەردەمەدا خەو و خـــۆراك و نووسین و ڕۆیشتن و گشت ئەرکەکانمان بەتەکنۆلۆژیا سپاردووە، سیناریۆی فیلمە خەیاڵییەکان بەرەو واقیعی هەنگاو دەنێن. ئامێری HSL- ١٠١ ئامێرێکی دیجیتالییە بۆ کۆنترۆڵ و چاودێریکردنی خەو. ئەو ئامێـــرە هەســـتەوەرێکی رادیۆیی هەیە کە شـــەپۆلەکان تـــا دوو مەتر بـــڕی دەکات، کاتێـــك کە دەخەوی ئامێرەکە لەنزیـــك شـــوێنی نووستنەکەت دادەنرێت و هەرکاتێك دوگمەی « شـــە و خۆ ش » ت لێـــدا ئیدی دەســـت دەکات بەسکانکردنی خەوەکەتان. ئامێرەکە جوڵەی جەســـتەتان، وەك کەڵکە و کەڵکە کردن، هەناســـەلێدان، پرخ کردن و هەموو شـــتێکی تایبـــەت بەخەوەکەتـــان تۆمار دەکات و پاشـــان ڕاپۆرتـــی خـــۆی لەبـــارەی خەوەکەتان بـــەدوو وێنـــەی کاریکاتێری شـــاد یا ناشاد نیشان دەدات.





# دەزانی خێرایی ئەپلۆد و داونلودی ئەنتەرنێتەکەت چەندە؟

ئەپلۆد واژەیەکە بەمانای بەرێکردنی داتا بۆ سەر هێڵی ئینتەرنێت دێت و داونلۆدیش بەمانای دابەزاندن لەئینتەرنێتەوە دێت، زۆر لەکۆمپانیاکانی خزمەتگوزاری بەخشینی هێڵـی ئینتەرنێت لەهەرێمی کوردسـتان ریکلام بۆ خێرایی هێڵەکەیان دەکەن، بەڵام ئەگەر سـەرێك لەسایتی http://spee-test.net/ بدەن ئەوکات راستی و دروستی ریکلامـەکان دەردەکەوێـت. کاتێك دەچیە سەر سایتەکە، نەخشەی گۆی زەوی لەناو لاپتۆپێکـدا دەرکەوێت، هەروەك ئەو وێنەیە کە لێرە دەیبینن، لەسـەر نەخشەکە شوێنی هێڵـی ئینتەرنێتەکەت و ناوی کۆمپانیای خزمەتگوزاری ئینتەرنێتەکە نیشان دەدرێت. دواتر کلیـك لەسـەر Begin test بکە، ماوەیەکی پێدەچێ کە قۆناغەکانی تێست کۆتایی پێدێت دواتر نیشان دەدات کە خێرایی ئەپلۆد و داونلۆدی ئینتەرنێتەکەت چەندە. لەو Begin testەی سـەبارەت بە"هێڵی رێبەر" کردم، تووشـی سەرسـورمان بووم چونکە خێرایـی ئەپلۆدەکە تەنیا ٠,٠٠٢ بوو و خێرایی داونلۆدەکەش ٠,٠٣٤ بوو.




# تەنکترین تەبلێتی جیهان لەلایەن توشیباوە



کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنـــی تەکنۆلۆژیـــای نوێ هەمیشـــە لەرکابەریدان کە لەمەیدانی بەرهەمهێنانـدا یەکەمیـــن بۆخۆیان دەســـتەبەر بکەن، ئەمجارە کۆمپانیای توشیبای ژاپۆنی توانیویەتی تەنکترین تەبلێتی جیهان بەســـازیزی شاشـــەی ١٠ ئینج و بارســـتایی تەنیا ٧,٦ ملم بەرهەم بێنێ. هەرچەندە ماوەیەك پێشتر کۆمپانیا Huawei توانیبووی تەنکترین مۆبایلی هۆشمەند بەرهەم بێنێ. تەبلێتە نوێیەکە کە بەExcite ١٠ LE ناســـراوە سیســـتەمی بەگەرخـــەری ئەندرۆیدی لەســـەرە. کێشـــی تەبلێتەکە تەنیا ٥٣٥ گرامـــە و هـــاردی جـــۆری ١٦ و ٣٢ گیگابایتـــی لەســـەرە و کامێراکەی ٥ میگاپیکســـلە. ئایا هەتا بڵاوکردنەوەی ئـــەو بابەتـــە کۆمپانیای توشـــیبا هەر لەرێزی بەرهەمهێنانی تەنکترین تەبلێت دەبێت یان نا؟



# چاویلکەیەک بە Full HD فیلم دەگرێت

لەسەردەمی بەدیجیتالی بوونی کۆمەڵگەدا ناکرێت متمانەت بەهیچ شـتێك بمێنێت، کێ دەڵێ ئەو کراســەی لەبەر بەرامبەرەکەتدایە دوگمەکانــی کامێرا نەبن، کــێ دەزانێ ئەو قەڵەمــەی کە بەبرادەرەکەتــە دەنگ تۆمار نــەکات و فیلم هەڵنەگرێتــەوە. کێ دەزانێ ئەو ملوانکەیەی لەملی کچە هاورێکەتدایە ئامێرێکی سیخوری نەبێت؟!!

# مەسینجەرێکی تایبـــــ



# تەبلێتێکی تایبەت بە نەخشەسازەکان

تەبلێـت کە شـوێنگرەوەیەکی باشـی لاپتۆپـە هـەر رۆژە جۆرێکـی نوێ و بەتایبەتمەنـدی و کاراییەکـی تایبەتەوە بەرهەم دێـن. کۆمپانیایـەك تەبلێتێکی تایبەتی بەو کەسـانە بەرهـەم هێناوە کە ئەرکی گرافیك و نەخشەسـازی دەکەن. تەبلێتێکە کە بەجۆری Intuos٥ ناسراوە تایبەتە بەوێنەگرانی پیشەیی، دیزاینەر و نەخشەسازان. تەبلێتەکە خاوەنی شاشەیەکی لەمسییە کە توانای ناسینی پەنجەمۆری خاوەنەکـەی هەیە. شاشـەکە قەڵەمێکی رووناکی لەگەڵدایە کە بەهۆیەوە دەتوانرێت ئەرکەکان ئەنجام بدەی. هەروەها تەبلێتێکە سیستەمی وای فای لەگەڵدایە.



دووریش نییە وابن، چونکە سەیری ئەو چاویلکەیە بکەن، کە وەك هەموو چاویلکەیەی ئاسایی دەچێت، بەڵام لەڕاستیدا کامێرایەك لەنێوان دوو چاوەکان دا هەیە کە دەتوانێت فیلم بەFull HD واتە باشترین کوالیتی بگرێت. جگە لەوەش توانای دژە لەرزین بۆ تێکنەچوونی وێنەکان و هەروەها تۆمارکردنی دەنگی باشی هەیە.

# مۆبایلی iphone دەبێتە کامێرایەکی فۆتۆگرافی پیشەیی

ڕەنگە هیچ مۆبایلێکی هۆشمەندی وەك ئایفۆن نەبێت کە ئەو هەموو ئامێرە لاوەکییەی بۆ داندرابێت، ئایفۆن دەبێتە دکتۆر، ئایفۆن دەبێتە سیخوڕ، ئایفۆن دەبێتە چاودێری منداڵ...تاد.. لەم ماوەیەدا ئامێرێکی لاوەکی دیکە بۆ ئایفۆن بەرهەم هات کە مۆبایلەکە دەکاتە کامێرایەکی پیشەیی هۆشمەند. هەرچەندە خودی ئایفۆن کامێرایەکی باشی هەیە، بەڵام ناکرێت وەك کامێرایەکی پیشەیی



سوودی لێوەربگیرێت، کەچی بەهۆی ئەو ئامێرە لاوەکییەوە کە وەك کەیسێك لەمۆبایلی ئایفۆندا جێ دەگرێت دەتوانیت بەباشترین کوالیتی و لینزێکی زۆر باشەوە وێنە بگری.

## ـــــبەت بە فەیسبووک

فەیسبووك کە ئێستا تۆڕێکی گشتگیری کۆمەڵایەتییە و پێویست بەناساندنی ناکات، چونکە کەم کەس هەیە ئاکاونتێکی لەفەیسبووکدا نەبێت، لەم دواییەدا فەیسبووك پرۆگرامی مەسینجەری خۆی بەرهەمهێنا کە بەهۆیەوە دەتوانێ بەبێ ئەوەی سایتی فەیسبووك بکەیەوە، وەك یاهوو مەسینجەر سوودی لێوەربگری. پرۆگرامەکە بۆ ئەوانە سوودی هەیە کە ماوەیەکی زۆر لەگەڵ هاوڕێیانیان لەفەیسبووکدا خەریکی چاتکردنن. پرۆگرامەکە ئەو پەیامانەی کە بۆ سەر فەیسبووکەکەشت دەنێردرێن نیشان دەدات.




خوێنەرێکی بەڕێز دەڵێت لەماڵەوە کۆمپیوتەرێکمان هەیە، زۆربەی کاتەکان من لەسەر کۆمپیوتەرەکەم، ئەندامانی دیکە تەنیا بۆ خۆشی دێنە سەرخەت، نامهەوێ پاسوۆرد لەسەر کۆمپیوتەرەکەم دابنێم، بەڵام حەز دەکەم بەشێك لەپرۆگرامەکان بۆ هەموو لایەك نەکرێنەوە، چونکە زۆربەی جاران دەبینم پرۆگرامەکان تێك دەدەن، چ بکەم کە بەشێك لەپرۆگرامەکان تەنیا خۆم بتوانم بیکەمەوە.

خوێنەری بەڕێز بۆ ئەم مەبەستە سەرەتا لەبەشی start ئەو دەستەواژەیە بنووسە (gpedit.msc). دوای ئەوە ئەو پەنجەرەیە دەکرێتەوە، -User Configur tion -» Administrative Templates System -» بچۆ بۆ بەشی Run Only Specified Windows applications و کلیکی لەسەر بکە و دواتر فەرمانی Enabled هەڵبژێرە و لەبەشی Options ئەو دەستەواژەیە کلیك بکە -List of a lowed applications ئێستاکە لیستی ئەو پرۆگرامانەی کە حەز دەکەی گشت لایەك بیکەنەوە هەڵبژێرە، ئەگەر پرۆگرامێك لەو لیستەدا نەبێت، ئیدی هەرکەسێك بیکاتەوە ناکرێتەوە. بەم ئاسانییە ویستەکەت جێبەجێ دەبێت. دیارە لەوەش ئاسانتر پرۆگرامێك هەیە بەناوی lock program بەو پرۆگرامە بەئاسانترین شێوە ویستەکەی ئێوە جێبەجێ دەبێت.

